حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق

وەزارەتی پەروەردە

# پڕۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن

پێشنیار کراوی کۆنگرەی پەروەردەیی

کە لە ڕۆژانی ٢٢ — ٢٤ ئایاری ٢٠٠٧

لە هەولێری پایتەخت بەسترا

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق
وەزارەتی پەروەردە

# پڕۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن

پێشنیار کراوی کۆنگرەی پەروەردەیی
که له ڕۆژانی ٢٢ – ٢٤ ئایاری ٢٠٠٧
له هەولێری پایتەخت بەسترا

چاپی دووەم ٢٠٠٨ز – ٢٧٠٧ کوردی
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

- ناوی پەرتووك: پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن.
- ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردن:- لێژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی.
- دەرهێنانی هونەری: بەشی کۆمپیوتەری چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ساڵ: ٢٠٠٧
- چاپ: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

# پڕۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

## کورتەی پڕۆژەکە :

**ئەم پڕۆژەیە پێکهاتووە لە :**

١- پێشەکی : باس لە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە وخوێندنگە دەکات.

٢- ئامانجەکان : ئەو ئامانجانەی کە چاوەڕوانکراون، لە ئەنجامی بە پراکتیکردنی گۆڕانکارییەکان، بە دەستبهێنرێن.

٣- هۆکارەکان: بە وردی باس لەو هۆکارانە دەکرێت کە وایکردوە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن پێویستییەکی هەنوکەیی ئەمڕۆی خوێندن بێت لە کوردستاندا.

٤- ریفۆرم و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان : ئەم بەشە باس لە ریفۆرم و گۆڕانکارییە بنەرەتی و پێویستییەکانی ناو سیستەمی پەروەردە وفێرکردن دەکات.

٥- هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون.

٦- کۆتایی

# پڕۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

## پێشەکی

سەردەمی گلۆبالیزم و تەکنیکی نوێ پێویستی بە سیستەمی پەروەردەی نوێ هەیە، بەرهەمی سیستەمەکە نەوەیەکی بڕوابەخۆ بوو، دیموکرات، دڵسۆز بە خاکی کوردستان و دەروونتەندروستە.

پرەنسیپە دیموکراتییەکانی ناو قوتابخانە توانای تاکە کەس لە نێو پۆلدا لەبەرچاو دەگرێت، بە شێوەیەك کە نەك هەر مامۆستا چالاك و قوتابیانیش تەمبەڵ (پاسیف) بن، بەڵکو تواناو ئاستی جیاوازی گەشەی قوتابیان و خوێندکاران لەبەرچاو بگرێت و خوێندن و وانە وتنەوە لە پۆلدا بە پێی ئەو توانایانە رێکبخرێت بۆ ئەوەی مندالانی کوردستان ئەو سالانەی تەمەنیان بە سوودترین شێوە بەکار بهێنن.

لە سیستەمی نوێی فێرکاریدا کچ و کوڕ هاونرخ و یەکسانن لە هەموو ماف و ئەرکێکدا. پرس و کێشەی ژنان و ئافرەتان بە ڕاشکاوی باسی لێدەکرێت و هۆکار و ئەنجامی ئەو دیاردە تاڵانەی ماڤ ژیان لە کچان و ژنانی کوردستان دەسێنێ، دەخرێتەبەر ڕۆشنایی زانست.

سیستەمی فێرکاری لە کوردستان، پشتبەستە بە پرنسیپە دیموکراتییەکان، خوێندن و پەروەردە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەبێت بە شێوەیەك پێڕەو بکرێت کە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە وخوێندنگەکان ببنە بەها بەرزەکانی قوتابی و خوێندکار، تا بتوانن بە شێوەیەکی سەربەست و لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکەن.

خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان و پەروەردە کردنی مندالانی کوردستان بە گیانی نیشتمانپەروەرێتی دەبێت لە هەموو پلەکاندا پەیامێکی زۆر گرنگی قوتابخانە بێت.

بەها بنەماییەکانی قوتابخانە و خوێندنگەکان بریتین لە بەرزراگرتنی ژیانی مرۆڤ، یەکسانی ژن وپیاو، سەربەستی تاکەکەس، بەرابەری نرخی مرۆڤ و پشتگیری ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ڕێزگرتنی یاسا،

دڵفراوانی، لێبوردن و بەرپرسیاری ئەو پرنسیپانەن کە قوتابخانە و خوێندنگە، قوتابی وخوێندکار پێ پەروەردە دەکات.

هیچ جۆرە سەرکوتکردن و بێزارکردنێکی قوتابی و خوێندکار، فیزیکی یا دەروونی، لەناو سیستەمی فێرکاری کوردستاندا ڕێگەی پێنادرێت و لەکاتی سەرهەڵدانیدا قوتابخانە لە بنبڕکردنی بەرپرسیارە.

سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا سیستەمێکی کراوە و شەفافە، ڕێگە دەدات بە هەبوونی بیروبۆچوونی جیاواز و قوتابی پەروەردە دەکات کە خاوەن هەڵوێست بێت، هەست بە بەرپرسیاری و بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکات. کاری قوتابخانە بەخشینی دڵخۆشییە لە خوێندن و لە کاردا بە قوتابی.

سیستەمی پەروەردە ڕێز لە هەموو تاکێکی قوتابی و خوێندکار دەگرێت و خوێندنەکە دەگونجێنێت لەگەڵ ئاست و پێویستی قوتابییاندا. قوتابی خوێندکار ناوەندەو هەموو سیستەمەکە لە پێناوی گەیاندنی بەها بەرزەکان و زانست بە قوتابی کار دەکات.

ئەرکی قوتابخانەو خوێندنگە گەیاندنی زانستە بە قوتابی و خوێندکار، پەروەردە کردن و ئامادە کردنی قوتابی و خوێندکارە بە پشتیوانی دایك و باوك بۆ ژیانی گەورە ساڵی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەست لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵدا بکات.

خوێندن و پەروەردە بریتییە لە گەیاندنی زانست، کلتور، زمان و بەها بنەماییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. قوتابخانە وخوێندنگە لە گەیاندنی بەرپرسیارێتیدا هاوکار و پشتگیری ماڵەوەیە.

قوتابخانەو خوێندنگە دەرگای بیرکردنەوە، داهێنان و دەستپێشخەری بۆ قوتابی و خوێندکار ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەردەخسێنێت.

زانست واتە ئاشنا بوون بە ڕاستیەکان، وەرگرتنی زانیاری، تێگەیشتن وتوانای چارەسەر کردنی گرفتە، نەك دەرخکردن (لەبەرکردن). وانە وتنەوە هەموو شێوەکانی کاری تەنیاو گروپ و پرۆژە دەگرێتەوە. قوتابی

و خوێندکار بەشدارێکی چالاکە، مامۆستاش بەڕێوەبەری گەیاندنی زانستە.

ئەزموونەکان پێوەری کۆنترۆڵکردن نین، بەڵکو یەکێکن لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواداچووندا لە پێناوی گەیاندنی قوتابی و خوێندکار بە ئامانجەکانی.

## هۆکارەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن

١- ڕێژەی بەرزی نەخوێندەوار لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

٢- شەش ساڵی خوێندنی تەوزیمی (ئیلزامی) کەمە بۆ ئەوەی ئامادەی منداڵان و گەنجان بۆ کۆمەڵگای سەردەم بکات.

٣- وازهێنانی قوتابی و خوێندکار لە خوێندن، یەکێك لەو هۆکارانەی کە قوتابی - خوێندکار واز لە خوێندن دەهێنێت، سەرنەکەوتن و دەرنەچوونە لە پۆلی شەشی سەرەتاییدا.

٤- پێویستی بوونی ژینگەیەکی دیموکرات لە ناو قوتابخانە-خوێندنگەدا.

٥- ئاستی نزمی ڕێژەی دەرچوون لە پۆلەکانی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی شەشی ئامادەیی.

٦- ئاستی نزمی خوێندن و توانا لە چاو پێویستی بازاری کاری نوێدا.

٧- خوێندن لە کوردستان زۆر تیۆرییە و دوورە لە پراکتیکی کارو پێویستییەکانی کۆمەڵەوە.

## ئامانجەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

### ١- بنبڕکردنی یا کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن

ئاشکرایە کە وازهێنان لە خوێندن لە کوردستان، لە قۆناغی شەشی سەرەتایی بۆ یەکی ناوەندی بۆتە کێشەیەکی گەورە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر منداڵانی تەمەن ١٢-١٣ ساڵ واز لە خوێندن دەهێنن و دەکەونە بازاری کارەوە. گرنگترین ئامانجی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە ئەمڕۆدا کەمکردنەوە یا بنبرکڕدنی وازهێنانە لە خوێندن.

### ٢- یاسای کاری نێودەوڵەتی :

لە وڵاتە دیموکراتیەکانی جیهاندا یاسای کاری نێودەوڵەتی ڕێگە نادات کە منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا بکەوێتە بازاڕی کارەوە و کاربکات. بە تەوزیمی (ئیلزامیکردنی) خوێندن بۆ (٩) نۆ ساڵ وادەکات کە منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا نەکەوێتە ناو بازاری کارەوە. بەم گۆڕانکارییانە کوردستان نزیك دەبێتەوە لە یاسای کاری نێو دەوڵەتی دیموکراتیەوە و دووردەکەوێتەوە لە بەکار هێنانی منداڵ لە بازاڕی کاردا.

### ٣- بەرز کردنەوەی ئاستی توانای کادیرانی پەروەدەیی لە کوردستاندا :

کارکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا پێویستی بە کارمەندی پەروەردەیی ئاست بەرز و بە توانا هەیە. سیستەمی فێرکاری سیستەمێکە هەردەم لە گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چووندایە، هەربۆیە دەبێت ئاستی زانستی و زانیاری کادیرەکان لە پێشکەوتندا بێت و بوار بڕەخسێنێت بە بواری پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایاندا.

**٤- پێویستی کۆمەڵی سەردەم :**

کۆمەڵ و بازاڕی سەردەم پێویستی بە مرۆڤی بە توانا و خوێندەوار هەیە. خوێندن تا پۆلی شەشی سەرەتایی پێویستییەکانی بازاڕی کاری کۆمپیوتەر و ئەلەکترۆنیك و گلۆباڵیزم پڕ ناکاتەوە. هەر بۆیە گرنگە کە خوێندنی سەرەتایی ٩ ساڵی تەوزیمی (ئیلزامی) بێت.

**٥- ئەو بەهایانەی کە منداڵانی ١٢-١٥ ساڵ پێویستە پێی پەروەردە بکرێن :**

یەکێك لە گرنگترین کات، بۆ وەرگرتنی بەها و دروستبوونی کەسایەتی لە تەمەنی مرۆڤدا، تەمەنی ١٢-١٥ ساڵییە. بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستان ببنە ئەندامی بڕوابەخۆ بوو، داهێنەر، بە تواناو خاوەن بیروبۆچوون و پرنسیپی بەرزی مرۆڤایەتی، دەبێت لە کەشێکی وادا پەروەردە بکرێن کە بڕوامان بە سەروەری یاسا و خۆشەویستی وڵات و یەکسانی ژن و پیاو هەبێت، ئەم بەهایانەش لە قوتابخانە- خوێندنگەدا دەگەیەنرێت، نەك لەسەر شەقامەکان.

**٦- بە پراکتیککردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی ونزیککردنەوەی لە بازاڕی کارو خوێندنی باڵا :**

یەکێك لە ئامانجەکانی گۆڕانکارییەکان بریتییە لە بە پراکتیککردنی خوێندن و وانەکان بۆ ئەوەی قوتابی و خوێندکار زانیاری و زانست بە شێوەی پراکتیکیش وەربگرن نەك هەر بە تەنها بە تیۆری بیزانن.

## ڕیفۆرم و گۆرانکارییە بنەڕەتییەکان :

لەبەر رۆشنایی بەها بنەماییەکانی قوتابخانە - خوێندنگە، ئامانج و هۆکارەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، بەشداربووان لە کۆنگرەی پەروەردە لە ڕۆژانی ٢٢-٢٤ مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٧ دا لە سەر ئەم گۆڕانکارییە (ریفۆرمە) بنەرەتیانە ڕێککەوتن:

### یەکەم/قوناغی بنەڕەتی :

**١- نۆ ساڵی خوێندنی تەوزیمی (ئیلزامی):**

واتە قۆناغی ناوەندی نامێنێت و قۆناغی سەرەتایی دەگۆڕێت بۆ قۆناغی (٩)نۆ ساڵی بنەڕەتی پابەند بوون خوێندنی تەوزیمی (ئیلزامی) لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ دەست پێدەکات بۆ ئەو قوتابیانەی کە پایزی ٢٠٠٧ دەچنە پۆلی شەش و ساڵێکی تر تاقیکردنەوەی شەشی بە کالۆری نادەن. لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ دەچنە پۆلی حەوت، بڕوانامەی شەش نامێنێ بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ لە پۆلی شەشن.

بە پێی یاسا بڕیار دەدرێت کە هەموو منداڵێکی کوردستان نۆ ساڵ بخوێنێت.

قوتابخانە - خوێندنەگە، لە پۆلی یەك بۆ پۆلی نۆ دەبێت لە ژێر لێکۆلینەوە و لێپرسینەوە و بەدواداچوون بێت. بەم کارە بازدانی دراماتیکی و گەورە لە شەشی سەرەتاییەوە بۆ یەکی ناوەندی نامێنێت ئەم بازدانە دراماتیکیە گەورەیە یەکێکە لە هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن. هەنگاوەکە زۆر گەورەیە بە لای منداڵانی تەمەن دوانزە و سیانزە ساڵیەوە. ئەمرۆ دیواری نێوان خوێندنی سەرەتایی و خوێندنی

ناوەندی زۆر بەرزە. بۆ زۆر قوتابی سەرکەوتن بەسەر ئەو دیوارەدا کارێکی ئاستەنگە.

خوێندنی بنەڕەتی دەبێتە (٩)نۆساڵ و قوتابخانەو خوێندنگەکانی کوردستانیش لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی نۆیان دەبێت. زۆر گرنگە کە قوتابی - خوێندکار، لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی سێ ی بنەڕەتی بە پێی توانا یەک یان چەند مامۆستایەکی کەم زۆربەی زۆری وانەکانیان پێبڵێنەوە. ئەمە دڵنیاییەکی زۆر لای منداڵان دروستدەکات، لە هەمانکاتدا ئەرکی مامۆستا ئاسان دەکات، بەو شێوەیەی کە خوێندنەکە پچڕپچڕ ناکات، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە منداڵ سوود و قازانجی خوێندن دەبینێت و لای خۆشەویست دەبێت، نەمانی قۆناغی ناوەندی و بوونی یەک تا نۆی بنەڕەتی دڵنیایی لای قوتابیان دروستدەکات.

مەرج نییە پۆلی یەکەم تا پۆلی نۆ لە هەر هەمان قوتابخانە - خوێندنگە دابن. دەگرێت هەندێ قوتابخانە - خوێندنگە لە پۆلی ١ — ٩ ی هەبێت. یان هەندێك قوتابخانە - خوێندنگە پۆلی ١ — ٣ لە قوتابخانەیەك - خوێندنگەیەك و ٤ — ٦ لە قوتابخانەیەك و خوێندنگەیەك و ٧ — ٩ لە قوتابخانە — خوێندنگەکی تر. بینا گرنگ نییە و بریاردەر نییە بەڵکو سیستەمەکە بریاردەرە کە ١ تا ٩ یەو ئیلزامیە.

**٢- دیاردەی مانەوە لە پۆلەکانی یەك تا سێی بنەڕەتی نامێنێ:**

پۆلەکانی قوتابخانە - خوێندنگەی بنەڕەتی گرنگییەکی گەورەی لە ژیانی منداڵاندا هەیەو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی گەورە ساڵی بەجێدێڵێت.

هاوکات لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵان لە پۆلەکانی سەرەتای قۆناغی بنەڕەتیدا لە سەر بناغەی بەها بنەماییەکان، منداڵان فێری خوێندنەوەو نووسین و ژماردنیش دەبن، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین هەنگاو لە ژیانی مرۆڤدا. لە کوردستان منداڵان لە تەمەنی شەشساڵیدا دەست بە قوتابخانە - خوێندنگە دەکەن. لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتیدا دەرنەچوون نامێنێت. ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی منداڵان ئارەزوویان لە خوێندن دانەبڕێ و زیاتر بڕوا و متمانەیان لادروستببێت. هاوکات لە بڕی نمرە دانان، لە ساڵی خوێندنەکەدا دووجار، بەتەنیا مامۆستای بەرپرسی پۆل (مێنتور) لە گەڵ منداڵەکە و دایک وباوکی منداڵەکەدا، لە ژێر ناوی دیداری گەشەدا کۆدەبێتەوە. پێش ئەم دیدارانە دەبێت مامۆستای بەرپرس زانیاری تەواوی دەربارەی ئاستی زانستی قوتابیەکە لەو مامۆستایانەی تر کە قوتابیەکە هەیەتی لە وانەکانی تردا کۆکردبێتەوە.

قوتابخانە- خوێندنگە ساڵێ دووجار دیداری گەشە، بە ئامادەبوونی مامۆستای بەرپرسی پۆل لەگەڵ قوتابی - خوێندکار و دایک وباوکیدا، جارێك لە نیوەی یەکەمی ساڵی خوێندن و جاری دووەمیش نیوەی دووەمی ساڵی خوێندن ڕێکدەخات.

ئەرکی مامۆستای بەرپرسی پۆل (مێنتور):

- پشت گیریکردن و یارمەتیدانی قوتابی- خوێندکار لە خوێندندا.
- پەیوەندیکردن بە دایك وباوکی قوتابیەوە - خوێندکار هەفتەی جارێك لە ڕێگای نامەی هەفتانەوە.

- پەیوەندیکردن بە دایك وباوکی قوتابیەوە – خوێندکار ئەگەر گرفتێك یا کێشەیەك هەبوو.

- ئاگادارکردنی دایك وباوك لە ئەنجامەکانی خوێندنی قوتابی - خوێندکار.

- بینینی دایك وباوکی قوتابی - خوێندکار لە دیداری گەشەکردندا.

ئەگەرلە پۆلێکدا زانرا کە چەند منداڵێك پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە، دەبێت یارمەتییان بۆ تەرخان بکرێت لەکاتی دەوامی ساڵدا، نەك بە دانانی مۆرکی تەمەڵی بە ناوچەوانیانەوە و سزایان بدرێت، ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی فێرکاری و وازهێنان لە خوێندن هەیە. هەڵسەنگاندن و بە دوا داچوون لە لایەن مامۆستایان جێگەی نمرە دانان دەگرێتەوە.

**٣- تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لە قۆناغی بنەڕەتیدا نامینێت.**

**٤- تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی بنەڕەتی نامێنێت:**

چونکە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە پۆلی شەشی بنەڕەتی بۆ منداڵی دوانزە ساڵ زۆر کارێکی ناستەنگە لە ڕووی دەروونییەوە. لە ئەمڕۆی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە پۆلی شەشدا واز لە قوتابخانە - خوێندنگە دەهێنن. بە نەمانی تاقیکردنەوەی بەکالۆری دیواری ترس و دڵە ڕاوکێی منداڵیش بەرامبەر قوتابخانەو خوێندنگە و خوێندن دەڕوخێت و وازهێنان لە خوێندن و نەخوێندەواری کەم دەبێتەوە.

٥- **له بری تاقیکردنه‌وه‌ی به‌کالۆری له پۆلی شه‌شدا :**

تاقیکردنه‌وه‌ی میللی له پۆلی پێنجی بنه‌ڕه‌تی، له زمانی کوردی، ماتماتیك و زمانی ئینگلیزی و بابه‌ته‌كانی تر كه پێویستن جێگه‌ی تاقیکردنه‌وه‌ی به‌کالۆری پۆلی شه‌ش ده‌گرێته‌وه.

مه‌به‌ست له نووسینی تاقیکردنه‌وه‌ی میللی له پۆلی پێنجی بنه‌ڕه‌تیدا، زوو ده‌رك كردنه به ئاستی تێگه‌یشتن و زانینی منداڵان، چونكه تا زووتر قوتابخانه خوێندنگه درك به‌و كۆسپ و ته‌گه‌رانه بكات كه له به‌رده‌م گه‌شه‌كردنی منداڵاندان، چاره‌سه‌ركردنیان ئاسانتره، ئه‌م ئه‌نجامه‌ش وه‌ك پێوه‌رێك بۆ به‌راورد له نێوان قوتابخانه‌و خوێندنگه‌كانی كوردستاندا به‌كارده‌هێنرێت. ئه‌نجامی تاقیکردنه‌وه‌ی میللی وه‌كو ئه‌نجامی یه‌ك له تاقیکردنه‌وه مانگانه‌ییه‌كانی وه‌رزی دووه‌م ده‌بێت له ته‌واوی بابه‌ته‌كانی خۆیدا یارمه‌تیده‌رێكه بۆ مامۆستا، له هه‌ڵسه‌نگاندنی ئاستی زانیاری و زانستی قوتابی و خوێندكاره‌كاندا. قوتابی - خوێندكار به‌كۆی ئه‌نجامی گشتی هه‌موو تاقیکردنه‌وه‌كان، به تاقیکردنه‌وه‌ی میللیشه‌وه ئه‌نجامی كۆتایی وه‌رده‌گرێت، ده‌بێت له هه‌موو كوردستاندا یه‌ك تاقیکردنه‌وه‌ی میللی هه‌بێت، ئه‌ویش له سه‌ر ئاستی په‌روه‌رده‌ی قه‌زاكان بێت واباشتره:-

أ- تاقیکردنه‌وه‌كه بكه‌وێته سێ ڕۆژی هه‌فته‌ی یه‌كه‌می مانگی نیسانی هه‌موو ساڵێكی خوێندن.

ب- پرسیاره‌كانی تاقیکردنه‌وه‌ی میللی له سه‌ر ئاستی په‌روه‌رده‌ی قه‌زاكان به لیژنه ده‌بێت.

ج- پشکنینی تێنووسە ئەزمونیەکان لە لایەن هەمان مامۆستای بابەتی قوتابخانە - خوێندکار دەبێت وەکو یەکێك لە ئەرکە پەروەردەییەکانی سەرشانی مامۆستا وە بەلێژنە دەبێت.

بەنەمانی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشدا بڕوانامەی قۆناغی سەرەتایی نامێنێت.

سیستەمی بەکالۆری لە پۆلی شەش دا، لە کاتێکدا کە تەمەنی منداڵان لە دوانزە ساڵ تێپەڕ ناکات، خەونێکی ترسناکە و دنیای بێگەردوساکاری منداڵیان دەشێوێنێت.

ئەو بڕوانامە و زانیارییانەی کە منداڵێکی تەمەن دوانزدە ساڵ هەیەتی هەرگیز مەرجەکانی بازاڕی کاری ئەمرۆ پڕناکاتەوە، هەر بۆیە بڕوانامەی قۆناغی سەرەتایی کێشی خۆی لە دەستداوە و مانەوەی سوود بە دوارۆژی کۆمەڵگەی کوردستان و بازاڕی کار ناگەیەنێت.

**٦- ئەزموونەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم بەم شێوەیە دەبێت:**

* ڕێژەی نمرەی پۆلی حەوت ١٥٪ وەردەگیرێت.
* ڕێژەی نمرەی پۆلی هەشتەم ١٥٪ وەردەگیرێت.
* ڕێژەی نمرەی پۆلی نۆیەم ٧٠٪ وەردەگیرێت.

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ / ٢٠٠٨ تەنها پۆلی حەوت دەگرێتەوە.

هەژمارکردنی ئەم ڕێژانە بۆ دەرچوون لە قۆناغی بنەڕەتیدا:

أ- کێبڕکێیە بۆ وەرگرتنی لە قۆناغی ئامادەییدا.

ب- هەر قوتابییەك – خوێندکارێك ڕێژەی لە ٦٠٪ بە دەست نەهێنێت مافی وەرگرتنی نابێت لە قۆناغی ئامادەیی (ئەکادیمی) زانستی و وێژەییدا، بەڵام دەتوانێت درێژە بە خوێندن بدات لە

ئامادەییە پیشەییەکاندا یان پەیمانگاکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە.

ج- لە کاتی بەدەست نەهێنانی ڕێژەی وەرگرتنی لە ئامادەییە ئەکادیمیەکاندا ماف هەیە سالی دواتر بۆ بەرز کردنەوەی ڕێژەکەی بەشداری ئەزموونی دەرەکی بکات.

د- لە پۆلەکانی (چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ) دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێ.

**دووەم : قۆناغی ئامادەیی :-**

**١- تاقیکردنەوەی نیوەی سالّ لە قۆناغی ئامادەیی نامینێت.**

**٢- لە قۆناغی ئامادەییدا دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێت.**

**٣- پۆلی دە بە سەر ئەم لقانەی خوارەوەدا دابەش دەبێت:**

ا- زانستی گشتی

ب- وێژەیی گشتی

ج- پیشەیی

**١- زانستی گشتی :**

پۆلی دەی زانستی گشتی دەستنیشانکەری ئارەزووەکانی قوتابیە لە بوارە زانستیەکاندا.

**٢- بەشی وێژەیی :**

پۆلی دەی وێژەیی گشتی دەستنیشانکەری ئارەزووەکانی قوتابیە لە بواری زانستە وێژەییەکاندا.

زمانی ئینگلیزی وکۆمپیوتەر لە هەموو بەشەکانی ئامادەییدا بەشێوەیەکی فراوان دەخوێندرێت.

ئەزموونەکانی پۆلەکانی ئامادەیی، دە، یازدە و دوازدە بەم شێوەیە دەبێت:

- ڕێژەی نمرەی پۆلی دە لە ١٠٪ وەردەگیرێت.

- ڕێژەی نمرەی پۆلی یازدە لە ١٥٪ وەردەگیرێت.

- ڕێژەی نمرەی ئەزموونەکانی وەزاری پۆلی دوازدە لە ٧٥٪ وەردەگیرێت.

- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ / ٢٠٠٨ تەنیا پۆلی دە دەگرێتەوە.

- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ / ٢٠٠٩ پۆلی دە و یازدە دەگرێتەوە.

- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩ / ٢٠١٠ پۆلی دە، یازدە و دوازدە دەگرێتەوە.

- قوتابی - خوێنکار مافی هەیە بۆ زیادکردنی ڕێژەکە و وەرگرتنی لە زانکۆدا،ساڵانی دواتر بەشداری ئەزمونی دەرەکی بکات.

**٣- پیشەیی:**

**أ- تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵ نامینێت.**

**ب- خوێندنی بەشی پیشەییش سێ ساڵە، پۆلی دە، یازدە و دوازدە.**

**ج- لە قۆناغی ئامادەیی بەشی پیشەیی دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێت.**

**د- نموونەی لقەکانی بەشی پیشەیی:**

- پیشەسازی
- کشتوکاڵ
- بازرگانی

**بەدواچوون و هەڵسانگاندن:**

پاش ساڵێک لە پراکتیککردنی پرۆژەی گۆرانی سیستەمی پەروەردە و فێرکاری بەدواچوونێکی هەمە لایەنە و هەڵسەنگاندنێکی قووڵی هەموو

پرۆژەکـــــە، لەلایــــەن پســــپۆڕانی پەروەردەییـــــەوە دەکرێـــــت، بـــۆ دەستنیشانکردنی.

١- دەرئەنجامە ئەێنی (پۆزەتیف) و بەهێزەکانی پرۆژەکە.
٢- دەرئەنجامە لاوازەکانی پرۆژەکە بۆ چارەسەرکردنیان.
٣- بەردەوامی و موتوربەکردنی پرۆژەکە بە گۆڕانکاری نوێی پێویست، بۆ بەرەو پێشخستنی پرۆسەی فێرکاری کوردستان.

**کۆتایی:**

ئەمرۆ کوردستان لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایە، هەنگاوی زۆر گەورە لە بوارەکانی دیموکراتی و ئاوەدانکردنەوە لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە دەنرێت. بەردەوامی ئەو هەنگاوانە پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا. ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و زانستی لە کوردستاندا، لە هەمان کاتدا ڕێخۆشکەرە لە پێناوی بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراتی و پاراستنی مافی تاکەکەسدا. بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوومان بە زانست و ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە پڕچەك بکەین.

تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی بنەڕەتیدا، لە زمانی کوردی، ماتماتیك و زمانی ئینگلیزی و بابەتەکانی تر کە پێویستن دەکرێت. تاقیکردنەوەکە لە لایەك و بۆ بەراوردکردنی قوتابخانە-خوێندنگەکانی کوردستان و لە لایەك بۆ دڵنیابوون لەوەی کە قوتابی بە ئامانجەکانی خوێندنی ئەو چەند وانەیە گەیشتووە.

ئامانج و چۆنێتی کارکردن لە چەند وانەی سەرەکیدا، زمانی کوردی، ماتماتیک و زمانی ئینگلیزی، و لە پۆلی پێنج دا، وەك نموونە:

*** زمانی کوردی:**

زمان یەکێکە لە بنەماکانی بوونی نەتەوە. زمانی زگماك هۆیەکە بۆ پێشکەوتنی پێناسەی خودی مرۆڤ و پێشکەوتنی توانای فێربوون، هەروەها کلیلێکە بۆ کردنەوەی کلتووری باو وباپیران و ئەدەب و کلتووری نەتەوەیی، زمانی زگماك بناغەیەکە بۆ فێربوون و پێشکەوتنی زمانی دایك و کەسایەتی و بیری تاکەکەس. زمانی کوردی ڕیخۆشکەرە بۆ هێنان و بەدەستهێنانی زانیاری لە هەموو وانەکانی تردا. بەتوانایی لە زمانی کوردیدا ئاسانکاری لە وانەکانی تردا بەدەست دێنێت.

**ئامانجی خوێندنی زمانی کوردی لە پۆلی پێنجەمدا دەبێت:**

- قوتابی - خوێندکار بە باشی بتوانێت بخوێنێتەوە، هەم بە بێدەنگی هەم بە دەنگی بەرز.
- قوتابی- خوێندکار لە پەیامی تێکست و چیرۆك، لە ئەدەبی منداڵاندا تێبگات.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت تێکستی جیاواز لەو بوارانەی کە کاری تێدا دەکات بنووسێت.
- قوتابی توانای گێڕانەوە و باسکردنی ئەو تێکست و چیرۆکانەی هەبێت کە دەیخوێنێتەوە.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت ئەو دەستوورو یاسا سەرەتاییانەی کە لە زمانی نووسین دا بەکاردەهێنرێت، بەکاربهێنێت.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت فەرهەنگی زمان بەکاربهێنێت.

**بۆ گەیاندن بەم ئامانجانە :**

چۆنێتی کارکردن لە وانەی کوردیدا:

دیارە هەر مامۆستایەك شێوەیەکی تایبەتی بۆ کارکردن هەیە، بەڵام گرنگترین شێواز لە کاتی وتنەوەی هەر وانەیەکدا پەیڕەوبکرێت، دەبێت هەموو قوتابیەك - خوێندکارێك لە پۆلەکەدا هەست بکات کە مامۆستاکەی گرنگی پێدەدات و دەیبینێت.

**خوێندنەوە و تێگەیشتن:**

هەر لە سەرەتای ساڵەوە، هەموو ڕۆژێك وەك ئەرکی ماڵەوە، منداڵان بە لایەنی کەمەوە ١٥ خولەك بخوێننەوە، گرنگە کە لە کاتی خوێندنەوەدا یەکێکی گەورە (دایك یا باوك) گوێ لە منداڵەکە بگرێت. (دەکرێت لە سەرەتای ساڵدا مامۆستا لەگەڵ منداڵەکاندا سەردانی کتێبخانەی گشتی بکەن و هەر قوتابی و - خوێندکارەکان کتێبێك هەڵبژێرێت و وەریبگرێت). زۆر گرنگە کە هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی خوێندنەوە لە لای منداڵان دروستبکرێت، ئەمەش بە خوێندنەوە دروست دەبێت. گرنگە ئەو چیرۆك و کتێبانەی کە بۆ منداڵان هەڵدەبژێرێن، لە جیهانی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

بواردان بە منداڵان بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی خۆیان (بۆ نموونە ئەو کتێبانەی کە دەیخوێننەوە)، بۆ هاوپۆلەکانیان باس بکەن.

هەموو ڕۆژێك، ١٥ خولەکی دوا وانەی ئەو ڕۆژە بەکاربهێنرێت بۆ خوێندنەوە (چیرۆك، بەسەرهات...) لەلایەن مامۆستاوە بە دەنگی بەرز.

## نووسین

ڕاهێنانی قوتابیان - خوێندکاران بۆ نووسینی بابەتی جیاواز. دەبێت مامۆستا بابەتی تایبەتی دەستنیشان بکات بۆ نووسین هەروەها بواریش بدرێت بە قوتابیەکان - خوێندکاران خۆیان لەسەر بابەتێکی تایبەتی بنووسن.

قوتابیان - خوێندکاران ڕابهێنرێن کە فەرهەنگ بەکاربهێنن. زۆر گرنگە کە لە پۆلەکەدا چەند فەرهەنگێك هەبێت. (فەرهەنگی کوردی - کوردی). بەکارهێنانی فەرهەنگ هەم بۆ نووسینی وشەیەك بە ڕاستی، هەم بۆ لێکدانەوەی مانای وشەیەکیش.

بۆ ئەوەی منالەکان هەر لە منداڵیەوە فێربن لەبەردەم گروپی گەورەدا قسە بکەن یا پرۆژە پێشکەش بکەن و هەستی بڕوا بەخۆبوونیان لا دروست بێت، گرنگە لە سەرەتاوە بە پرۆژە کار بکەن. بۆنموونە لە پۆلی پێنجدا وڵاتێك لە کیشوەری ئەوروپا هەڵبژێرن بەشێوەی پرۆژە کاری لەسەر بکەن. لە کاری پرۆژەدا دەتوانرێت چەند وانەیەك پێکەوە هاوکار بن، بۆ نموونە جوگرافیا، کوردی، ماتماتیك، وەرزش، ئینگلیزی، مێژوو. لێرەدا مامۆستای هەر وانەیەك لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی ئەو وانەیە دەتوانێت پلانێك بۆ ئەو کارە بنووسێت.

### * وانەی ماتماتیك:

ئامانجی وانەی ماتماتیك لە پۆلی پێنجدا دەبێت :

(واتە لە کۆتایی پۆلی پێنجدا پێویستە قوتابی لەم بابەتانەدا زانیاری بەدەست هێنابێت):

- قوتابی - خوێندکار لە واتای ژمارە و ژمارەکان تێبگات.

- قوتابی - خوێندکار دەبێت بتوانێت لە مێشکیدا بژمێرێت و بە نووسینیش شێوازی ژماردن بتوانێت.

- قوتابی - خوێندکار لە ژمارەی ئاسان بەشێوەی کەرت تێبگات.

- قوتابی - خوێندکار لە ژمارەی ئاسان بەشێوەی کەرتی دەیی تێبگات.

- قوتابی - خوێندکار توانای شیکار کردنی کێشە و گرفتی ماتماتیکی بەشێوەی جیاواز هەبێت.

- قوتابی - خوێندکار توانای بەکارهێنانی ئامێری بژمێرە هەبێت و تێگەیشتنی بەرامبەری هەبێت.

- قوتابی - خوێندکار توانای بەراوردکردن و پێوانی درێژی و ڕووبەری بە نزیکەیی هەبێت.

- قوتابی - خوێندکار توانای بەکارهێنانی نەخشە و وێنەی لەکاتی شیکارکردنی پرسی ماتماتیکی دا هەبێت.

- قوتابی - خوێندکار توانای بەراوردکردن و پێوانی قەبارە، گۆشە و کێشی هەبێت.

- قوتابی - خوێندکار تێگەیشتنی بۆ شوێن و کات و شێوە ئەندازەییەکان هەبێت.

بەکارهێنانی زمانی ماتماتیك، هێمای ماتماتیك و بڕوابوون بە توانای خۆی ئارەزووی فێربوون و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خۆفێربوون، دەبێت یەکێك بێت لە ئامانجە گرنگەکانی خوێندنی وانەی ماتماتیك لە هەموو پلەکاندا.

*** وانەی ئینگلیزی:**

**توانای قسەکردن لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر گرنگە.**

**ئامانجی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە پۆلی پێنجەمدا دەبێت.**

- قوتابی - خوێندکار لە دەستەواژەی ئاسان لە زمانی قسەکردندا تێبگات.

- قوتابی - خوێندکار بتوانێت بەشێوەیەکی ئاسان ئاخافتن بکات.

- قوتابی - خوێندکار بتوانێت تێکستی ئاسان بخوێنێتەوە و تێبگات کە باسی چی دەکات.

- قوتابی - خوێندکار زانیاری لەسەر بابەتێکی وڵاتێک کە بە ئینگلیزی قسە دەکەن، هەبێت بۆ گەیاندن بەم ئامانجانە.

**چۆنێتی کارکردن لە زمانی ئینگلیزیدا:**

لەکاتی هەموو بابەتێکی (تێکستێکی) نوێدا مامۆستا تێکستەکە بخوێنێتەوە. ١٠ تا ١٥ وشەی نوێ لەو تێکستە دەربهێنێت و لەسەر تەختە بینوسێت لەگەڵ ماناکەی بە کوردی. قوتابیەکانیش ئەو وشانە لە دەفتەری تایبەت بە وشەی ئینگلیزی بنووسن دیارە بە ماناکەیەوە. وەك ئەرکی ماڵەوە بۆ وانەی داهاتوو دەبێت قوتابیەکان بزانن وشەکە چۆن دەنووسرێت و ماناشی چیە. لێرەدا مامۆستا دەتوانێت وشەکە بە کوردی بڵێت و منداڵەکان بە ئینگلیزی بینووسن.

خوێندنەوەی وانەکە لە لایەن قوتابیەکەوە بە دەنگی بەرز. وەرگێڕانی وانەکە بە کوردی. لێرەدا چەند قوتابیەك دەتوانێت بەشدار بێت، هەر قوتابیەك ڕستەیەك یا دوو ڕستە وەرگێڕێت بۆ کوردی.

پرسیارکردن له لایەن مامۆستاوه بە زمانی ئینگلیزی لەسەر وانەکە وەلامدانەوەی له لایەن قوتابیەکانەوە هەر به ئینگلیزی.

کار کردن لە پرۆژەیەکدا کە لە وانەی کوردیدا باس کراوە، لێرەدا دەتوانرێت لەگەڵ وانەی زمانی ئینگلیزی هاوکاریبکرێ

## ناوەڕۆك


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن | ٣ |
| ٢- | پێشەکی | ٤ |
| ٣- | هۆکارەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن | ٧ |
| ٤- | ئامانجەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن | ٨ |
| ٥- | ڕیفورم و گۆرانکارییە بنەڕەتیەکان | ١٠ |
| ٦- | تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشی بنەڕەتی | ١٣ |
| ٧- | ئەزموونەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم | ١٥ |
| ٨- | بەدوا داچوون و هەلسەنگاندن | ١٧ |
| ٩- | کۆتایی | ١٨ |
| ١٠- | ئامانجی خوێندنی زمانی کوردی | ١٩ |
| ١١- | خوێندنەوە و تێگەیشتن - نووسین | ٢٠ |
| ١٢- | وانەی ماتماتیك | ٢١ |
| ١٣- | وانەی ئینگلیزی | ٢٢ |
| ١٤- | چۆنیەتی کارکردن لەزمانی ئینگلیزی | ٢٣ |
| ١٥- | ناوەرۆك | ٢٤ |

چاپی دووەم

٢٠٠٨ ز.   ٢٧٠٧ كوردی

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر